# ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە تاوانە گەورەکان؟

له ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە تاوانە گەورەکان؟». سێ جار وای پێ وتن، ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەر خودا (واتە: بەڵێ پێمان بڵێ)، فەرمووی: «شیرک وهاوەڵدانان بۆ خوای گەورە وخراپەکاری بەرامبەر دایک وباوک». وپاڵی دابووە ودانیشت، وفەرمووی: «وتنی درۆ، وشاهێدیدانی درۆ». هەر ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە، هەتا وتمان: خۆزگایە بێدەنگ دەبوو.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی تاوانە گەورەکانی بۆ هاوەڵان کرد، و لەنێویاندا ناوی ئەم سێ تاوانەی هێنا کە گەورەتر وترسناکترن: 1. شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە: ئەمیش واتا کردنی پەرستنێك لە پەرستنەکان بۆ جگە لە خوای گەورە، ویەکسان کردنی جگە لە الله بە الله لە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو وسیفەتەکانیدا. 2. خراپەکاری بەرامبەر دایك وباوك: ئەمیش هەموو ئازاردانێکی دایك وباوك دەگرێتەوە، بە قسە یان کردەوە بێت، وهەروەها چاکەکار نەبوون بەرامبەریان. 3. قسەی درۆ وشاهێدیدانی درۆیش دەگرێتەوە: هەموو قسەیەکی درۆ وچەوت وناڕاست دەگرێتەوە کە مەبەست لێی زیان لێدانە لە ئەو کەسەی دژی دەووترێت ؛ بۆ بردنی سامانی یان دەستدرێژی کردنە سەر کەسایەتی یان هتد. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەفەرموودەکەدا هەڕەشەی لەسەر قسەی درۆ دووبارە کردەوە ؛ ئەمیش بۆ هۆشداری لەسەر ناشیرینی ئەم تاوانە وکاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگا، هەتاوەکو هاوەڵان ووتیان: خۆزگایە بێدەنگ بووایە ؛ وەکو بەزەییەك بەرامبەری، وحەز نەکردن بە ئەوەی بێزاری دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2941

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee